www.kurdistannet.org
13/05/2003 23:25

# ئەلوەن وخانەقین و یادە لە بیر نەچۆوکان

**کارزان خانەقینی**

ئەلێن, خواوەند, زەمینی لە بەر خاتری ئەلوەن دروست کرد, لە بەر ئەوە سەرچاوەی هەموو ئاوەکانی دونیا تەنها ئەلوەنە.

سەلام عبدواللە* ئەلێت: کە خەلک ئەچێتە مەککە پێی ئەلێن (حاجی) و ئەوەی بچێتە مەشهەد پێی ئەلێن (مەشهەدی) , بەلام تاکو ئێستا کەس نەیزانیوە کە ئەبێت ئەوانەی ئەچنە حوزوری ئەلوەن ناویان (ئەلوەن)ی بێت!!!

ئەلوەن گیان تەنها لەبەر ئەوەی تۆ ئەلوەنی خانەقینی و تەنها لەبەر ئەوەی نایانەوی, مافی ئەلوەنی یان لە هەموو ئەوانەی ئەلوەنیین زەوت کردوەو, گومبەتە پیرۆزەکەی تۆیان پشت گوێ خستوە.

من گلە لەوانە ناکەم, لەبەر ئەوەی ناتناسن وەکوو من ئەتناسم!!ئەوان نازانن کە هەموو مرۆڤێک خوێنێکی سوور بەنێو شادەمارەکانیانا ئەسووڕێتەوەو ئەلوەنی یەکان نا!!

هەموو ئەلوەنی یەک لەباتی ئەو خوێنە سوورە , شادمارەکانی یان پرە لە ئاوە زولالەکەی تۆ.

ئەوان کە خوێنیان سوورە , ژیانیان کورتە, بەلام ئێمەی ئەلوەنی !!! تاکو ژیان ماوە ,ئێمەش ماوین.

ئەی ئەوە ێ سلام نازە* هەمیشە زیندووە؟ ئەی چۆن تائێستا جەمال وەفیق * مێوانی ئەلوەنەو هەموو رۆژێک خەلک لەسەر تافایی* ئەیبینێت؟ئەی نازانی کە رادیویەک ئەکەیتەوە بێ ئەوەی شەپۆلەکان سوور بدرێت یەک سەر گۆرانی یەکانی جەمیل وەندی* ئەلێت*؟من بەچاوی خوم هەموو رۆژێک خوادای عەلی* ئەبینم لای گولەم* مەقامی (ئەلوەن) ئەلێت, گوێم لێ یە کە بەدەنگە بەسۆزەکەی ئەەلێت: ئەلوەن ئاوەگەد هاژەی ها گووشم... ئاوەگەت وەجیای شەراو بنووشم.

من نازانم!!

بۆ؟ بۆ ئەمەنە بەزەییت بە دلە شکاوەکەم نایەتەوە؟ ئەی چۆن من ئەوە چەند سالە هەموو یادەکان بوون هاوڕێم و قەت لە بیریان ناکەم؟ خۆ تاوان بار نیم ؟ ئەی نازانی ئەو پۆستالە رەشانە کە هەموو ساتێک گولەرەنگاو رەنگەکانی قەراخی باوەگەزی یان ئەشێلا ,حەزەکانی نێو دلە نەخۆشەکەمیانی ئەکوشت؟ئەی ئیتر چون دلت دێت گلەم لێ بکەی؟

ئەی بۆ نازانی کە دلە بە سۆزەکەی عەبدواللە وەهاب* کاتی لە لە لێدان کەوت لافاو هەموو خانەقینی برد؟ ئەی نەتزانی بۆ؟ ئەگەر نازانی من پێت ئەلێم!! چونکە ئەو عەبدواللە یە بەشێک بوو لە تۆ. لقێک بوو لە لقەکانی تۆ, هەر چۆن هەموو دەریاکان و هەموو ڕووبارەکانی و ئوکیانەکان بەشێکن لە تۆ عەبدواللە ش هەر وا, بەلام عەبدواللە بەشە گە ورەکەت بوو , بۆیە لافاو بەو توندیە خانەقینی برد.

هیوادارم لێم ببووری, چونکە پێتم نەوت و کارێکی بێ یاسام کرد, لێم ببورە چونکە منیش لقێکی تۆم هێناوەتە ئەم غوربەتە, هەر چۆن مەجید غاندی* ویوسف حوسین قولی و* کامیران پیشتیوان*,

هەر چۆن سەمیر جەبار*وخەلدون حەسەن*وتاها عەزیزو* وعامیر یاوەر زۆران پیشتیوان*. منیش وا.

هەر چۆن داوود سولەیمان*و یاوەر شیرزاد*و عەلی حەسەن بەگ*, هەروەها فەتحواللە وەهاب*وخالید وەهاب*و بێباک عومەر, منیش هەروا.

ئێمە هەموو بەشێکین لە تۆ, تۆش بەشیکی لە ئێمە , ئێمە هەلگری ئاوە زەمزەمەکەی تۆین و تۆش بەردەوام کەری ژیانی ئێمە, نە تۆ ئەمری ونەش ئێمە , جا بۆیە هەمیشە کوردستان ماوە وئەمێنێت,

وجا بۆیە تا دونیا ماوە ئاویش ماوە چونکە تۆ سەرچاوەی هەموو ئاوەکانی ,تۆ سەرچاوەی هەموو ژیانەکانی.

لە بیرتە کە تاکوو نێوی مەکتەبەکەم (ئەلوەن)*بوو؟ لە بیرتە کانی بز* ئەگەر دەستە ڕەشەکان بیان ویستبایە لێلی کەن چەند تووڕە ئەبوو هەموو ماسی یە گەورەکانی فرێ ئەدایە دەرەوە؟

من لە بیرمە لە شەلال* ماسی یەکان چۆن ئەپاڕانەوە خۆیان بە لقی دارەکانا ئەکرد, لە بیرشمە کاتی دەستە ڕەشەکان مەحەمەد

گول موراد*یان برد,هەموو ڕووبارەکانت ووشک کرد,هیچیان لە بیرم ناچێت, ئەشزانم کە تۆش لە بیرت نەچووە , چۆن من و تۆ بەکین.

جا ئەوە دووبارە ئەگەڕێی نەوە باوەشی یەک , یەیمانت پێ ئەدەم چی تر لێت دوور نەکەومەوە ,چی تر ناهێلم کەس دەست کاری گولەکانت نەکات, چونکە ئەو گولانە رەگەکانی لەبن گۆڕەکانی پاشاکوپری* داکوتاوە.

پەراوێزەکان

--------

*سەلام عبدواللە: نووسەرێکی خانەقینی یە دانیشتووی ئەلمانی یەیە

*سەلام نازە: ناوی سەلام عەبدولرەزاقە یەکێک لە ئەندامەکانی هەلۆی سوورە (لە سیدارە درا)

*جەمال وەفیق: وەرزەشەزانێکی خانەقین بوو لە ئاوی ئەلوەن خنکا سالانی ٧٠

*تافایی: شوێنێکە لە ژێر پردەکەی ئەلوەن

*جەمیل وەندی: یەکێک لە گۆرانی بێژە دەنگ خۆشەکانی خانەقینە لە قادسیە دۆڕاوەکەی سەددامی خوێن مژ کوژرا

*خوادای عەلی: مەبەست گۆرانی بێژی ناودار خودادا غەلی یە

*عەبدواللە وەهاب: یەکی لە هاوڕێ خوشەویستەکانی نووسەری ئەم نووسینەیە (دلی لە لێدان کەوت) لە سالانی ٩٠ برا گورانی بێژ کاک ئازاد خانەقینی یە

*مەجید غاندی: یەکێک لەئەندامانی هەلۆی سوورە (لە سێدارە درا)

*یوسف حوسەین قلی: یەکێک لە ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی یە (لە سێدارە درا)

*کامیران پیشتیوان: کوڕی بەڕێز عەزیز پیشتیوانە یەکێک لوکوردە ناودارەکانی خانەقینە (لە سالانی ٦٠ دا لە پێشمەرگایەتی دا شەهید بووو)

*سەمیر جەبار , تاها عەزیز, عامیر یاوەر,خەلدوون حەسەن(هاوڕێی نووسەرن) لە شەڕی دۆڕوی قادسیە شەهید بوون

*زۆران عەزیز پیشتیوان: برای کامیران پیشتیوانە (لە پێشمەرگایەتیدا شەهید بوو)

*داوود سولەیمان: هاوڕێی یەکی نووسەری ئەم نووسینەیە ئەندامی قیادەی مەرگەزی حیزبی شیوعی بوو (لە پێشمەرگایەتیدا بێ سەرو شوێن بوو)

* یاوەر شێرزاد پێشمەرگەیەکی قارەمانی یەکێتی نیشتیمانی بوو لە شاری کەلار شەهید بوو بە دەستی جاشی خۆ فرۆش

*عەلی حەسەن بەگ: هاوڕێی نووسەری ئەم نووسینەیە بە توپ بارانی شاری خانەقین شەهید بوو

فەتحوللا وەهاب :هاوڕێی نووسەری ئەم نووسینە بوو (بە ڕاوەستانی دل) کۆچی دوایی کردبرای گورانی بێژ کاک ئازاد وەهابە

*خالید وەهاب: برایەکی تری کاک ئازاد خانەقینی یە لە شاری سولەیمانی بە کارە ساتی سەیارە کوچی دوایی کرد

موحەمەد گول موراد: هاوڕییەکی نووسەری ئەم نووسینەیە(بێ گوناه کوژرا) وکەس نازانێ هۆی کوشتنەکەی چی بوو.

** ** ** ** ** ** ** ** ** ** ** ** ** ** ** **

کارزان خانەقینی

ولایەتی مشیغان

ولایەتە یکگرتووەکانی ئەمەریکا

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**